١٠ تموز ٢٠١٧

## بەیاننامەی رێکخراوە ناحکومیەکان پێش کۆبونەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ رووبەروبونەوەی داعش لە مانگی تەمووز

لەم هەفتەیەدا ئەندامانی هاوپەیمانی جیهانی بۆ ڕووبەڕوبونەو ەی داعشلە پایتەختی ئەمریکا لە واشنتۆن کۆدەبنەوە, چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی کە کار بۆ دابینکردنی کۆمەك و پاراستنی هاولاًتیانی مەدەنی کە بەهۆی شەرلە عێراقەوە زیانمەندبوون ئەم پێشنیار و نیگەرانیانەی خۆیان دەخەنە ڕوو

**چۆنیەتی پاراستنی هاولاًتیانی مەدەنی و دڵنیابوون لە دەستگەشتن بە هاریکاریەکان لەکاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکاندا**

پێش هەموو شتێك وەك چۆن لە یاساي نێودەوڵەتی مرۆییدا داواکراوە ئێمە هەموو ئەکتەرە چەکدارەکان بە ئاگادێنینەوە کە ئەوان بەرپرسیارن لە پاراستنی ژیانی هاولاًتیانی مەدەنی و سەروماڵی ئەوان و پێوستە ئەوان کارێکی وەها بکەن کە هاریکاریەکان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هاولاًتیان بگات بە ئەو کەسانەی کە زیانمەند بوون لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئێستا و ئایندەی عێراقدا.

لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکاندا بۆ ڕوبەڕووبونەوەداعشهاولاًتیانی ناوچەکانی ڕەمادی و فەلوجە و موسڵ گیرین خوارد بوو گەمارۆدرابوون و توشی چەندین مەترسی بونەتەوە لەوانەش لەبرسا مردن و بەکارهێ،انیان وەك قەڵغانی مرۆیي و کوشتنی بەکۆمەڵی ئەوان لەسەر دەستی قەناس بەدەستەکانداعشئەمە سەرەڕای قەسف و موشەکبارانکردنی بەردەوامی فڕۆکەکانی هێزەکانی هاوپەیمانی و عێراقی.

هەرچەندە کە حکومەتی عێراقی ڕایگەیاندوە کە شاری موسڵ "ئازادکراوە" بەلاًم هاولاًتیانی مەدەنی هێشتا لەبەردەم هەڕەشەو مەترسیدان. وەك چۆن لە ڕۆژهەلاًتی موسڵدا بینیمان لەوانەیە چەندین هەفتەی پێ بچێت بۆ ئەوەی کە هێ.ەکانی عێراق بتوانن بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو شارە بکەن. وە کاتی زۆرتر پێویستە بۆ پاککردنەوە و داماڵینی ئەو شوێنانە لە بۆمب و تەقەمەنی مەترسیدار. ئەمە جگە لەوەی کە شانە نوستوەکانداعشهەر بەردەوام دەبن لە هێرشەکانیان و پەلاماری- وەك ئەو پەلامارانەی کەلەم دواییانەدا بینیمان لەو ناوچانەی تری موسڵ کە ئازاد کرابوون کەچی شانە نوستوەکان لەپەلاماری خۆیان هەر بەردەوام بوون. هەموو ئەمانە هەڕەشەی بەردەوامن لەسەر ژیانی هاولاًتیانی مەدەنی.

لەگەڵ بەردەوامبوونی هەڵمەتی سەربازیدا پێویستە هێزە هاوبەش و هاوپەیمانەکان ڕەچاوی جیاکاری و ووریایی بکەن لەکاتی ئوپەراسیونەکان لە سەراپای ولاًتەکەدا و دەبێت هاولاًتیانی مەدەنی بپارێزن و ئاسانکاری بکەن بۆ ئەوەی سەلامەتی ئەوان دابین بکرێت. جگە لەمەش پێویستە کە هەرکەس و لایەنێك ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی سەلامەتی دابین بکات بۆ هاولاًتیانی مەدەنی بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەن کە ژیانی هاولاًتیان نەخەنە مەترسیەوە- بەتایبەتی نابێت چەکی قەدەغەکراو بەکاربهێنن و نابێت چەکی فۆسفۆری سپی و چەکی تەقیتەوە لەناوچە نیشتەجێنشینەکاندا بەکار بهێنن, پێویستە پەیوەندیەکی باش هەبێت سەبارەت بە دیاریکردنی هەڵبژاردەکان بۆ شوێنە سەلامەت و پارێزراوەکان و نابێت لایەنەکان نەتوانن گارەنتی پاراستنی سەلامەتی تەواوی هاولاًتیان نەکەن.

پێویستە هێزەکانی هاوپەیمانیان و هاریکارەکان پەیرەوی و ڕەچاوی ئەم پرینسیپانانە بکەن لە ئۆپەراسیۆنە چاوەڕوانکراوەکانی حەویجە و تەلعەفەر و ڕۆژئاوای ئەنبار. پێویستە ئەولەویەت تەواو بدرێت بە پاراستنی هاولاًتیانی مەدەنی و دەستگەشتن بە هاریکاریەکان لە کاتی داڕشتنی پلان و ئەنجامدانی هەر ئامانجێکی سەربازی وە پێویستە هەموو لایەنە شەڕکەرەکان ڕێز لە هەرێمی دیاریکراوی ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان بگرن. پێداویستیەکان زۆر گرنگن بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە پێشوتر لەم ناوچانەدا هەڵهاتوون وە نزیکەی 150,000 سەدوپەنجا هەزار هاولاًتی مەدەنی لەم ناوچانانەدا گیریان خواردوە. ئەم دانیشتوانانە پێویستیان بە کۆمەك و هاریکاریە نەك گومانیان لێبکرێت چونکە ئەوان چەندین ساڵە لەژێر دەسەلاًتی داعشدا ژیاون. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە بکەرە سەربازیەکان هەماهەنگی بکەن لەگەڵ کارمەندە مرۆییەکان کەلەو مەیدانەدا کاردەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە کە هاریکاریەکان دەگەنە جێگەی خۆیان و وە نیگەرانیەکان سەبارەت بە پاراستنی هاولاًتیانی مەدەنی چاودێری دەکرێت و چارەسەر دەکرێن

ئێمە زۆر نیگەرانین چونکە چەندین ڕاپۆرت هەیە کە ئاماژە بەوە دەدەن کە هاولاًتیانی مەدەنی مافەکانیان پێشێل دەکرێت و مەترسی زۆریان لەسەرە لەلایەن چەندین گروپ و تاقمی چەکداری سەربەلایەنە جیاوازەکان و ئەو ڕاپۆرتانە ئاما بە چەندین کاری نەخوازراوی وەك دەستدرێژی سێکی و چەوسانەوەی سێکسی و دەستبەسەراگرتنی پێناس و ناسنامە و بەزۆر دەرکردن لە زێد و ماڵی خۆیان و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و دەستبەسەری وبەکارهێنانی منداڵ بە پڕچەك کردنیان وبەکارهێنانیان وەك جەنگاوەرو جیاکاری و بێبەش کردن لە ماف وشایستەکان ئەشکەنجەدان و سەرنقومکردن و کوشتن و چەندین جۆری تری سزادانی بەکۆمەڵ ئەنجام دراوە. ێیمە بەتوندی هەمووﻻیەکی بەشداربوو لەم شەڕو ململانێیەدا ئاگادار دەکەینەوە کە خۆیان بەدووربگرن لە هەڵگیرسان و ڕێگەپێدان و ئاسانکاریکردن یان فەرامۆشکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە هێزی لەڕادەبەدەر بەکاردێنن و دەسەلاًتی خۆیان خراپ بەکاردێنن و یان هەر کردارێکی تر کە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دەکات لەبەرامبەر هاوڵاتیانی سڤیلی عێراقی و ناکرێت بە بیانووی ئەندام بوون یان پەیوەندیکردن بە داعشەوە مافی ئەو خەڵکانە پێشێل بکرێت. چونکە ئەم جۆرە پێشێلکاریانە نەك تەنها زیان بە هاولاًتیانی مەدەنی دەگەیەنێت بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕێگریکردن لە ئاشبوونەوەی ئایندەی لایەنەکان و فەرامۆشکردنی ئەو زوڵم و ستەمەی لە مێژودا ڕویداوە.

**بەهەندوەرگرتن و بەئەولەویەتکردنی وەبەرهێنان لە هەوڵەکانی ئاشتبوونەوە و چاکبونەوەی تەواو**

ئێمە ناتوانین چاوەڕێ بین تا هەموو ئۆپەراسیۆنەسەربازیەکان تەواو دەبن ئەوجا دەست بکەین بە پیلان دانان و وەبەرهێنان لە ئایندەی عێراقدا. ئێمە هانی هاوپەیمانان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەدەین بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە هاریکاریکردن و دابینکردنی

١٠ تموز ٢٠١٧

پێداویستیەکانی پاراستن کە لە ئێستا و لەدوای هەڵمەتە سەربازیەکانیدا پێویستن. پێویستە بەخشەرە نێودەوڵەتیەکان و بکەرە مرۆیي و بکەرەکانی گەشەپێدان و سەرکردایەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیي گرنگی زیاتر لە باشترکردنی بارودۆخەکە هەرلەزووەوە بدەن و دەستپێشخەری لە هەوڵەکان بۆ جەربەزەیي بکرێت و بکرێت بە ئەولەویاتی کارەکانی ئەوان.
یەك لەسەر سێ ی دانیشتوانی هەموو عێراق کە نزیکەی 11 ملیۆن کەسن لە ساڵی 2017 دا پێویستیان بە هاریکاری مرۆیي هەبوە. ئەو پارەیەی لە ئێستادا بۆ هاریکاری مرۆیي تەرخان دەکرێت بەشی نەك تەنها 11 ملیۆن کەس ناکات بەڵکو بەشی ئەو کەسانەش ناکات کە ئەولەویەتي زیاتریان هەیەبۆ کۆمەك و هاریکاری. ئەمەش لە پلانی وەڵامدانەوەی مرۆییدا دیاریکراوە کە تەنها%42 ی ئەو پارەیەی کە پێویست بوە دابینکراوە. بۆیە پێویستە کە ئێمە دڵنیا بینەوە لە دابینکردنی فەند و پارەی پێویست بۆ ئەوەی کە هاولاَتیانی مەدەنی دەستیان بە ئەو کۆمەك و هاریکاریانە بگات کە شایەنین و پێویستیان پێیەتی وە پارێزراو بن لەماوەی ئەم شەڕەی کە ئێستا لە ئارادایە و چاکبونەوە لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی ئەو شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەماوەی درێژخایەندا بارودۆخە نالەبارەکە ڕاست بکرێتەوە و ببێتە هۆی ئاشتبونەوە لە نێوکۆمەڵگای عێراقیدا.
هاولاَتیانی مەدەنی لەسەرپای عێراقدا بەتایبەتی لە ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لەدەستنداعشبەردەوامن لە ئاوارەبوون بۆ یەکەمین و دووەمین و سێیەمین جار. زیاتر لە 1,75 یەك ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزار هاولاَتی هێشتا لە پارێزگاکانی ناوەراست و باشوری عێراقدا ئاوارە و دەربەدەر بوون. وە تەنانەت لەو ناوچانەش کە زیاتر لە ساڵێکە لەدەستنداعشئازاد کراونەتەوە هێشتا بارودۆخێکی وەها نەرەخساوە کە خەڵ:ە ئاوارەکە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە و بەسەلامەتیانە بگەرێَ،وە زێدی خۆیان. هێشتا ئەو شوێنانە نائارامن و خزمەتگوزاری سەرەتایي نیە و خاکەکە بە چەك و تەقەمەنی پیس بوە و چەندین زیان بە ماڵ و ئیش و ژێرخانی گشتی گەشتوە - بەتایبەتی زیانی زۆر بە قوتابخانە و نەخۆشخانە کەوتوە- و هەموو ئەمانە ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوەرەکانی ناوخۆی عێراق.سەرەڕای هەموو ئەم بارودۆخە ناهەموارە هەندێك هاولاَتی ئاماژەیان بەوەداوە کە ئەوان فشاریان لێدەکرێت بگەرێنەوە ماڵ و شاری خۆیان لە کاتێکدا هەندێك هاولاَتی تر نیگەرانی ئەوەیان دەربڕیوە کە ڕێگریان لێکراوە و نایەڵن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. بۆیە ئێمە داوا لە سەرکردەکانی عێراق دەکەین بەهاوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەست بە داڕشتن و جێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەجۆرێك کە پیلانەکەی ئەوان هانی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئاوارەکان بدات بەجۆرێك کە ئەوان زیانیاری تەواویان پێ درابێت وبە سەلامەتی و بەسەربەزی و شکۆوە بگەرێنەوە زێدی خۆیان و وە سەبارەت بە ئەو خێزانە ئاوارانەی کە خوازیار نین بگەڕێنەوە زێدی خۆیان پێویستە کائاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخۆیەکەدا باشتر ئاوێزان بن.
جگە لەمەش, دەسەلاَتدارانی عێراق و دامودەزگا ناوخۆییەکان و سەرکردەکانی کۆمەڵگا پێویستە هەموو پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی پێکەوەەوە ژیانی کۆمەلاَیەتیانە بەهێزتر و باشتر بکەن و ئاسانکاری بکەن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا و پێویستە هەموو بەشێوەیەکی یەکسان دەستیان بە سەرچاوەکان بگات و سەلامەتی بۆ هەموو عێراقیەکان دابین بکرێت. ئێمە هانی گەشەپێدانی ستراتیژیەتێکی دیاریکراو دەدەین بۆ حوکمداری و ئاشبونەوە بەجۆرێکی ڕوون دەست بخانە سەر کرۆکی کێشەکان و هۆکارەکانی ئەو شەڕو ململانێیە لەناوبەرین بۆ نمونە وەك پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و پەراوێزخستنی سیاسی و پەراوێزخستنی ئابوریانە و جیاکاری و نەژادپەرستی و مشتومرِ لەسەر خاك و بەرێوەبردن و نەبوونی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی. زۆر گرنگە کە هەر ستراتیژیەتێکی لەم شێوەیە ژنان و گەنجان و کەمینەکان بەتەواوی بەشداری پێبکات.

پێویستە ئێمە هەموو پێکەوە کاربکەین بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگا نەك تەنها بۆ بونیاتنانی ژێرخان. هەموو دەستپێشخەریك و هاریکاریەك بۆ ئاشبونەوە و راستکرنەوەی باری نالەباری ئەو دۆخە پێویستە بەشێوەیەکی چالاکانە کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری پێبکات و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانن وا لە خەڵك بکەین پشت بەخۆیان ببەستن و ببنە هۆکارێك بۆ کۆڵنەدانی عێراقیەکان هەر یەکە و لە شوێنی خۆیدا. دڵنیابوونەوە لە بەشدارییپێکردنی هەمەلایەنانە زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی هەر جۆرە هەوڵێکی لەم چەشنە بۆ بونیات نانی ئاشتی و پێکەوەژیان.

**ئەوانەی ئیمزایان کردوە:**

1. Action Against Hunger
2. Afkar Society for Development and Relief
3. Alind Organization
4. Alkhair Humanitarian Organization
5. Al-Amal Association
6. ASB
7. Christian Aid
8. Education for Peace in Iraq Center (EPIC)

9. AL- Eslah Association for Social Development
10. Handicap International
11. Help – Hilfe zur Selbsthilfe e.V.
12. Human Relief Foundation
13. The International Rescue Committee
14. Médecins du Monde
15. Mercy Corps
16. Mission East
17. Norwegian Refugee Council
18. Oxfam
19. PAX
20. Peace and Freedom Organization (PFO)
21. Première Urgence Internationale
22. Al- Rakeezeh Foundation for Relief and Development (RRD)
23. REACH
24. Representative of Nineveh Voluntary for IDPs (RNVDO)
25. Save the Children
26. Welthungerhilfe (WHH)
27. World Vision International
28. Zhian Health Organization (ZHO)

i Customary IHL Rule 9: State practice considers civilian areas, towns, cities, villages, residential areas, dwellings, buildings and houses and schools, civilian means of transportation, hospitals, medical establishments and medical units, historic monuments, places of worship and cultural property, and the natural environment.

ii Customary IHL Rule 1: The parties to the conflict must at all times distinguish between civilians and combatants. Attacks may only be directed against combatants. Attacks must not be directed against civilians. Rule 7: The parties to the conflict must at all times distinguish between civilian objects and military objectives. Attacks may only be directed against military objectives. Attacks must not be directed against civilian objects. Rule 14: Launching an attack which may be expected to cause incidental loss of civilian life, injury to civilians, damage to civilian objects, or a combination thereof, which would be excessive in relation to the concrete and direct military advantage anticipated, is prohibited. Rule 15: In the conduct of military operations, constant care must be taken to spare the civilian population, civilians and civilian objects. All feasible precautions must be taken to avoid, and in any event to minimize, incidental loss of civilian life, injury to civilians and damage to civilian objects.

iiiACAPS Iraq Crisis Analysis: Displacement. Latest update: 27/06/2017. Accessed: 2/07/2017. https://www.acaps.org/country/iraq/crisis-analysis.

iv OCHA Iraq. Accessed 2/07/2017. http://www.unocha.org/iraq

v Iraq CCCM Camp overview situation. June 2017. Accessed: 2/07/2017. https://data2.unhcr.org/en/documents/download/57792

vi Iraq Situation: UNHCR Flash Update - 22 June 2017. http://reliefweb.int/report/iraq/iraq-situation-unhcr-flash-update-22-june-2017

vii ICRC. I Saw My City Die: Voices From the Front Lines of Urban Conflict in Iraq, Syria and Yemen. May 2017. http://www.alnap.org/resource/24896